# شێوازی موزیکی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری هەولێر

**ID No. 3498**

(PP 97 - 105)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.6.7

**سرود فؤاد محمد**		**سالار شكرى علي**

بەشی موزیک- کۆلێژی هونەرە جوانەکان / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

surwd.mohammed@su.edu.krd		salar.ali@su.edu.krd

**وەگــــــرتن: 2020/02/12**

**پەسندکردن: 2020/11/23**

**بڵاوکردنەوە: 2020/12/25**

**پوختە**

توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری مێژووییە، لە دەستنیشانکردنی شێوازی موزیکی سەردەمێکی دیاریکراوی شاری هەولێر دەکۆڵێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا سەرهەڵدانی ستایلێکی نوێی موزیکی لەم شارەدا وەدەردەکەوێت و شێوازی کۆنی موزیکی شار بەرەو لاوازبوون هەنگاو دەنێت. شێواز یاخود ستایلی کۆنی موزیکی بریتییە لە ئاهەنگی تایبەتی ماڵان و دانیشتنی شەوان، شێوازی نوێش بریتییە لە ئاهەنگی گروپە موزیکییەکان لەسەر شانۆدا، کە لە ساڵی ١٩٦٠ز بۆ یەکەم جار لە شاری هەولێر نمایشکراوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە باس لە دیاردە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شێوازە نوێیەکەی شاری هەولێر دەکات.

**پێناسەی چەمکەکان:** شێواز، موزیک، شەستەکان، هەولێر، تیپی موزیکی.

## ١. پێشەکی

### ١.١ کێشەی توێژینەوە:

هونەری موزیک لە یەکەم بینینەوە زۆر بە ناڕوونیی خۆی نیشان دەدات، هەوادارنی ئەم هونەرە، لە دیراسەی توخمە سەرەکیەکانی تەکنیک لە بناغەوە دوو دڵن. بە دیدی ئەوانەوە موزیک هونەرێکە لە رووی هزرەوە قابیلی یەکاڵاکردن نییە. هەر بە دیدی ئەوان پێکهاتەیەکی لێڵ و نادیارە و شیکردنەوەی ئەستەمە. هەندێک لە فەیلەسوفان وای بۆ دەچن کە موزیک وێنەیەکی دەنگییە لەنێو سۆز و هزرەوە هەڵدەقوڵێت. شۆبنهاوەر گەیشتە ئەنجامی ئەوەی موزیک گوزارشت لەو ڕاستیانە دەکات کە کەوتوونەتە دوای واقیعە مادديیەکانەوە. (تاراغو، ٢٠٠٨: ٢٧)

هونەری موزیک لە جیهاندا بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، قۆناغ بە دوای قۆناغ پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. ئەو پێشکەوتنانەش بەتەنها لە یەک لایەنی موزیکیدا قەتیس نەماوە، بەڵکو لە گشت پانتاییەکانی ئەو هونەرە باڵایە پەل و پۆی هاویشتووە. هەر لە چاخەکانی کۆنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بگرە تاکوەکو سەردەمە هونەرییەکانی جیهانی کۆن و نوێدا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم ڕەوتە بەرەو لوتکەدا هەنگاوی ناوە. لە چاخەکانی ناوەڕاستدا تەکنیکەکانی پۆلیفۆنی و شێوازی نوێ لە نووسینی موزیکی [نۆتە] پێشکەوتنی تیۆری هاتەئاراوە. پاشان لە چاخی ڕێنسانسدا دەرکەوتنی موزیکی دونیایی و فۆڕمەکانی ئامێری دەرکەوتن. لە باڕۆک موزیک بە فەخامەت وەسف دەکرا و تێکەڵی هونەری بیناسازی و پەیکەرسازی بووبوو هەروەها فۆڕمەکانی کۆنشێرتۆ و کۆنشێرتۆ گرۆسۆ و فوگە ئەوەندەیتر موزیکیان بەرەو ترۆپک برد. لە چاخی کلاسیک سیمفۆنی و سۆناتە جێگیر کران و ئۆپێرا بوو بە مۆدێلێکی باڵا لە ئەوروپا. لە سەردەمی ڕۆمانتیک ڕێسا و یاسا کۆنەکانی موزیک چیتر نەبوون بە کۆت و بەندێک تا ئەو هونەرە پڕ بەهایە لە نێو چوارچێوەکان بهێڵێتەوە. لە سەردەمی مۆدێرندا لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆجیادا لە کیشوەرەکانی تری دونیا ستایل و شێوازیتر پەیدابوون وەکو موزیکی جاز لە ئەمەریکا. لە دوای یەکەمین کۆنگرەی مۆسیقای عەرەبی ساڵی ١٩٣٢ کە لە قاهیرە بەسترا، گۆرانی و موزیک لە گشت وولاتانی عەرەبییدا کەوتنە ژێر کاریگەری ڕاسپاردەکانی ئەو کۆنگرەیە، عیراقیش بێبەش نەبوو لەو کاریگەرییە، کە جۆرێک لە سەرهەڵدانی هاوچەرخانە هاتە کایەوە و کاریگەری ناڕاستەوخۆی کردە سەر باشووری کوردستان، بەڵام بێگومان کاریگەرییەکە کاتێکی درەنگتری خایاند. لەلایەکیتر، ڕۆڵی ئێزگە و تیلیڤیزیۆن و سینەما وەکو مۆدێلێکی نوێ و کاریگەر ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی لەسەر ئەم بوارەدا هەبوو، کە لەسەر هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بە

شێوازێکی بەرچاو بەدەرکەوت، شاری هەولێریش بەدەرنەبوو لەم بزاڤە هونەرییە گشتگیرەی کە لەم کات و جوگرافییایەدا تەشەنەی سەندبوو. هەڵبەتە چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکەمان ئەم پرسیارەی خوارەوە دێتە ئاراوە:

ئایا لەبەر چ هۆکارێک لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا گرووپە موزیکییە ڕێکخراوەکان دروست بوون و هونەرمەندانی بواری موزیک و گۆرانی لە شاری هەولێر شێوازێکی نوێیان گرتە بەر؟

**١.٢ ئامانجی توێژینەوە:**

ناساندنی شێوازی موزیکی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری هەولێر و خستنەرووی هۆکارەکانی جیاکردنەوەی ستایلی ئە موزیکە لەگەڵ ساڵانی پەنجاکان یاخود حەفتاکانی هەمان سەردەم.

**١.٣ سنووری توێژینەوە:**

**١.٣.١ سنووری کاتی:** ١٩٦٠ تا ١٩٦٩

**١.٣.٢ سنووری جوگرافی:** شاری هەولێر.

**١.٣.٣ سنووری بابەتی:** شێوازی کارکردنی موزیکی و ئەو بەرهەمانەی لە بۆنەو ئاهەنگی دونیاییدا پێشکەش دەکران.

**٤،١ شێوازی موزیکی:**

**١،٤،١ شێواز:** واتە کارێکی دیاریکراو بۆ بەجێهێنانی ئەرکێک، تایبەتە بە ڕێگەیێک یان ڕێچکەیەکی دیاریکراو. هەروەها شێوەیەکی جیاواز و تایبەتە، هەموو بنەماکانی بۆ شێوە سەرەکییەکە بنیادنراوە کە پێشتر بۆی نەخشێندراوە. (المعانی، ٢٠١٩)

**٢،٤،١ موزیك:** یەكێكە لە هونەرە جوانەكان كە پەیوەستە بەدەنگ, موزیك لە سەرتاسەری گۆی زەوی بەكاردێ و چێژی لێ وەردەگیرێ, هەموو كولتورێك باكگراوندی موزیكی خۆی  هەیە. موزیك شێوازی جیاوازی هەیە كە داینەمیكیە, تێكستی یە, ریتمی یە.  بنچینەی ووشەی ئینگلیزی "موزیك" دەگەرێتەوە بۆ زمانی گریکی كە ئاماژە بە " هونەری خەیالكردن" دەكات. موزیك پایەیەكی گرینگە لە هەموو ئەو زانستانەی كە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی هاتوونەتە گۆرێ. مرۆڤ بۆ چێژوەرگرتن لە موزیك، زۆربەی كات پەنا دەباتە بەر گوێگرتن لە پارچە موزیكێك، هەر پارچەیەكیش لە موزیك لەسەر بنەمای زانستی یەكێك لە [فۆرمە موزیكیەكان] دارێژراوە و بنیادنراوە. (نوری، 2013. ل 9).

**٢.میتۆدۆلۆجی**

**٢.١ كورتەیەك لەسەر شاری هەولێر:**

هەولێر بە كۆنترین شارێك دادەنرێت كە لەسەرەتای بنیادنانییەوە تاكوو ئێستا ژیانی تیا بەردەوامە و بە ئاوەدانی ماوەتەوە. شارەكە هەر لەسەرەتای دامەزراندییەوە لەسەر قەڵاكە بووە و ئەم قەڵایە هەمیشە ئاوەدانبووە. لەسەرچاوە مێژووییەكاندا بەناوە كۆنەكانی ( ئۆربیللۆم ، ئۆربیلۆن ، ئەربائیلۆ ، ئەربیلا ، ئەربیران ، ئەربل ) ناسراوە. قەڵای هەولێر كە بەرزییەكەی جگە لە بەرزایی خانووەكانی دەوروبەری ، 25 مەترە و ڕووبەرەكەشی  (110.000) مەتری چوارگۆشە دەبێت 415 مەتریش لە ڕووی دەریا بەرزترە، بەشوێنەوارێكی توبوگرافی بەرچاو دادەنرێت. . (حاجی، 2009).

**٢.٢ نویشكێک لەسەر لاپەڕەكانی موزیكی سەدەی بیستەم**

لەدوای پێشكەوتنی هونەری لە ناوچەكە بەتایبەتی هونەری موزیك وگۆرانیووتن، لە ساڵانی بیستەكانی سەدەی بیستەم چەند كۆمپانیایەكی ئەڵمانی، بۆ تۆماركردنی دەنگ و موزیك لەسەر قەوان  هاتنە عێراق وبەتایبەتیش سەردانی شاری بەغدایان كرد. ئەو كۆمپانیانەش وەك كۆمپانیای (بەیزافۆن و ئیدیۆن و هزمستەر هۆڵمز و پاشان ابو كەلب و سەخماخچی)،  مەبەستی سەرەكی ئەو كۆمپانیانە تا لەسەر ئامێری قەوان دەنگ و میوزیك تۆمار بكەن، دیارە ئەمەش پاش ئەوەی جەنگی جیهانی یەكەم  لەساڵی ١٩١٨، كۆتایی هات و جیهان بەگشتی بەرەو ئاوەدانكردنەوە هەنگاوی نا. لێرەوەش ئەو كەسانەی كە هونەریان بەخۆوە دەبینی گۆرانی و میوزیك تۆمار بكەن، سەردانیان كردن بۆ ئەوەی بەرهەمەكانیان لەسەر قەوان تۆمار بكرێن. هەروەها ئەو كۆمپانیانە سەرەڕایی ئەوەی خەڵك سەردانیان دەكردن و خودی كۆمپانیاكانیش دەگەڕان تا بەهەر شێوەیەك بێ بەرهەمی زیاتر تۆمار بكەن، لەمبارەیەوەش جەلال خدر دەڵێت " كۆمپانیاكان لەو حاڵەتە دەگەڕان لە شوێنەك لە جێگایەك گۆرانی بێژێك هەبوایە، دەیانبرد لەوێ  هەتا لەبۆ ئەو شەریكانە كاربكەن". هەروا نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت "ساڵح كوێتی یەكێك بوو لەو هونەرمەندانەی، كە

لەگەڵ ئەم کۆمپانیانە کاری دەکرد". لەلایەکی دیکەوە جەختیش لەچەندین بەرهەمی هونەرمەند ساڵح کوێتی دەکاتەوە و دەڵێت "ئەو کارانەی کە ئێستا ماوەتەوە، وەك لەگەڵ هونەرمەندی خوالێخۆشبوو کاوێس ئاغا ڤیۆلینی ژەنیووە"(خدر،٢٠٠٨، ل٢٢).

لەتەك ئەمەشدا یەکەم کەس کە دەنگی خۆی لەسەر قەوان تۆمار کردبێ دەڤەری هەولێر، کاوێس ئاغا بووە، ئەمەش لە ساڵی (١٩٢٩) دا، لەدوایی کاوێس ئاغاش، عەزیز ئاغا و مەحمود پاڵانی، حەمەد مەندۆ، کە لەلایەن کۆمپانیای بەیزافۆن دەنگیان تۆمار کراوە (باکوری، ٢٠٠٠، ل٣٠). لەتەك ئەمەشدا، جلال خدر باس لەوە دەکات، کە ئەمانە هەولێری بوون لەمبارەیەوەش دەڵێت "زەکی باڕۆخ جوولەکەیەك بووە وخەڵکی شاری هەولێر بووە، لە هەولێر مۆسیقاژەن بووە و زۆر جاریش لۆ شەهابەی هەولێری مۆسیقای لێدایە و شەهابە لە ١٩٣٩ کۆچی دوایی کردیە". لەدیمانەیەکیشدا جەخت لەوە کردۆتەوە، کە زەکی باڕۆخ مۆزیکژەنێکی بەهرەمەند بووە و لەلای ساڵح کوێتی فێری مۆسیقا بووە (خدر،٢٠٠٨، ل٢٢).

**٢.٣ ئاوڕدانەوەیەکی هونەریی پێویست بۆ بزاڤ و جموجۆڵی موزیکی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە هەولێردا:**

تیپی دەرسیم یەکەم تیپی میوزیکی ڕێکخراوە کە لە شاری هەولێر دامەزراوە، سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٨/١٩٥٧. یەکێك لەو مامۆستایانەی، کە لەو تیپە دابوو، هونەرمەند جەمال هیدایەت، کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ هونەر و دونیای هونەری گۆرانی و میوزیك تەرخان کردووە. ئەو یەکێکە لە رابەڕانی هونەر لەشاری هەولێردا و دامەزرێنەری ئەو تیپەیە (باکوری، ٢٠٠٠، ل٣٠). لەبارەی چۆنیەتی دامەزراندی تیپی دەرسیم جەمال هیدایەت دەڵێ "ڕۆژەك تیپی مەولوی لە ساڵی (١٩٥٧)هاتنە هەولێر و کۆیە، تا لۆ لێقەوماوانی سلیمانی کە فەیەزان رویدابوو [لافاو] لە سلێیمانی هاتبوون شت و مەکیان خر دەکردەوە [یارمەتیان کۆ دەکردەوە]، دیتم تیپی مەولەوی کە قادر دیلان سەرپەرشتی دەکرد، تیپەکی زۆر جوانیان هەبوو. ئەمە عازفمان هەبوو بەڵام تاکە تاك، منیش بیرم کردەوە وتم نابیت هەولێریش تیپی هەبێت؟ بۆ بۆنەیەك هیچ تیپێکمان نییە وەك سلیمانی. بانگێژی برادەرانم کرد و پێیانم گۆت وەرن با تیپەك دابمازرێنین، دەستم پێ کرد لەگەڵیان و بەهرەیان هەبوو توانایان هەبوو، بوونە شت [ژەنیاری باش بوون]، دەتوانم بڵێم متمانەم کرد کە تیپەك دابمەزرێ. ئەو تیپە یەکەم جار ناوی نەبوو لە ئاهەنگەك بەژداریمان کرد و سەرکەوتوو بووین. پاشان لە شەقڵاوە بانگێشتکراین، مامۆستایان ئاهەنگێکیان پێشکەشکرد. لەوێ گۆرانیبێژان وەکو باکووری و حەیدەر عەبدولرحمان و یەحیا مەرجان و عەبدوڵڵا دڵسۆز و قادر مەردان بەژداریان کرد. ئەو ئاهەنگە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هینا. ئاهەنگی دووەممان سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٠ لە هەولێر لە هۆڵی گەل سازکرد. بەراستی جەواد رەسول خوای لێخۆشبێت، هونەرمەندێکی شێوەکار بوو، گوتی مامۆستا ئەو تیپە ناوی هەیە؟ من وتم نەخێر، گوتی من ناوی لێ دەنێم (دەرسیم) منیش وتم دەرسیم چیە گوتی شارێکی خەباتگێرە لە کوردستانی تورکیا. ئێماش ناومان لێنا دەرسیم". دەبێ جەخت لەوەش بکەینەوە، ئەو ژەنیارانەی لەم تیپە بوون ئەمانە بوون:عەبدولواحێد مەرجان و نورەدین ئیبراهیم و زیائەدین نورەدین و عەبدولمنعم مەزهەر و جەمال محەمەد ئەمین. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

جگە لە ئامیری کەمان، ئامێری تریش هەبوون، وەکو عود و ئۆکۆردیۆن و ئیقاع و دەف. ئەم تیپە یەکەم تیپی میوزیکیە شاری هەولێرە، کە وەکو گرووپ پێکەوە میوزکیان ژەنیووە

هەر سەباەت بە تیپی درسیم مامۆستا جەمال هیدایەت روونیکردەوەو ووتی: دوای ئاهەنگەکەی هەولێر، تیپەکە ناو و دەنگێکی باشی پەیداکرد، هونەرمەندی دیکە هاتنە ناو تیپەکە، بووە هۆی ئەوەی تیپەکە پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت و بەو شێوەیە تا ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بوو. هەر لەو کاتەدا من بووم بە ئیدارەی ئەو تیپە و وازم لە ژەنین هێنا. رۆژێک منیان لە دائیرەی ئەمن بانگکرد و پرسیاریان کرد ئایا ئەو تیپە مۆڵەتی فەرمی هەیە؟ منیش ووتم نەخێر، ئەوان ووتیان تیپ بەبێ مۆڵەت نابێت کار بکات. لە راستیدا ئەوان حەزیان نەدەکرد تیپێک هەبێت هونەری کوردی پێشکەش بکات، دوای ئەمە تتیپەکە کەمێک ساردبوونەوەی بەخۆیەوە بینی. دواتر ئێمە ناچاربووین ناوی تیپەکە بگۆڕین بە (تیپی هونەری هەولێر) کە لە سەرەتای حەفتاکان دوای رێکەوتن نامەی ئازار مۆڵەتی فەرمی ئەو تیپەمان وەرگرت. (هیدایەت، ٢٠١٩)

هەروەها تیپەکانی دیکەی ساڵانی شەستەکانی هەولێر، وەك (تیپی مۆسیقای خانەی مامۆستایان) و (چالاکی قوتابخانەکان) و (نەقابەی مامۆستایان) هەمان ڕۆلیان لەو ماوەیەدا گێراوە، ئەمە سەرەڕای مۆسیقاژەنانی کورد لەم تیپانەدا ، چ لە دامەزراندنی تیپەکاندا چ لە چالاکی مۆسیقی ، بەشداری کاریگەرییان هەبووە. (نەجار، 2016)

مامۆستا شێرزاد سەرسپی سەبارەت بەمە دەڵێت: ژەنیارانی خانەی مامۆستایان و چالاکی قوتابخانەکان کە ئەوکات پێیان دەووت [نشاط فنی] هەر ئەوان پێکهاتەی سەرەکی بوون لە تیپی سەندیکای مامۆستایان. (سەرسپی، ٢٠١٩)

لەساڵی (١٩٦٨) تیپی سەندیکای مامۆستایان، بەسەرۆکایەتی مامۆستا (یەحیا مەرجان) دامەزرا، بەڵام ئەندامانی ئەم تیپە، زیاتر هەمان میوزیکژەنانی تیپی دەرسیم بوون. هاوکات ئەندامانی ئەم تیپە، لەم هونەرمەندانە پێکهاتبوون: یەحیا مەرجان – سەرۆکی تیپ، واحید مەرجان- کەمان، جەودەت شاکر – کەمان، مونعم مەزهەر - کەمان، فازل میکائیل – کەمان، شێرزاد عوزەیری – کەمان، جەمال عوسمان – کەمان، قادر عەزیز – کەمان، یاسین عزیز – کەمان، مستەفا رەئووف – قانون، جەمال هیدایەت - عود، تحسین تەها – ساز، یەحیا مەرجان – جومبوش، چەتۆ حەسەن – ئۆکۆردیۆن، نەشئەت کۆیی – نای، نورەدین تەقی – ئیقاع، شێرزاد سەرسپی –دەف). لێرە بەدواوە، تا دەهات، بەهۆی پێشکەوتنی هونەری کوردی ژەنیاری ئامێری ڤیۆلین زیاتر دەبوون و گرنگیان پێ دەدا. (نەجار، 2016)

سەبارەت بە ئۆپەرێت و ئایا تاچ رادەیەک لە شەستەکاندا ئۆپەرێت نمایشکراوە، مامۆستا شیرزاد سەرسپی ووتی: "من لە خۆم لە ساڵە ١٩٦٨ وەکو ژەنیار بەشداریم لە ئۆپەرێتی (تارا) کرد. کە لە نووسین و ئاوازی مامۆستا واحید مەرجان بوو". (سەرسپی، ٢٠١٩)

لە ناسراوترین ئەو هونەرمەندانەشی کە لەگەڵ ئەم تیپانەدا خزمەتیان بەئاواز و گۆرانی کردی کردووە، وەك تاهیر تۆفیق ( 1922 -1987)، ڕەسول گەردی ( 1924 – 1994)، باکووری، فوئاد ئەحمەد (1932 – 2005)، یەحیا مەرجان، عەبدوڵڵا دڵسۆز ( 1936 – 2004 )، کە لەشەستەکاندا بە ئاواز و گۆرانی ڕەسەنی کوردی ، لە زۆربەی ئاهەنگ و بۆنەکاندا بەشدار دەبوون، تەنانەت هەندێك لەو هونەر مەندانە ، جگە لە تۆمارکردنی گۆرانیەکانیان لە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا، لە تەلەفزیۆنی ( بەغدا ) شدا گۆرانیان تۆمار کردووە، هونەرمەند ( فوئاد ئەحمەد ) لە ساڵانی (1962 – 1964)دا ، بەشداری ئاهەنگی گۆرانی لە تەلەفزیۆنی کردووە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەبێ تۆمارکردن بڵاو دەکرانەوە. (نەجار، 2016)

ئەوەی شایانی باسە زۆربەی ئەو هونەرمەندانی لە بەغدا گۆرانیان تۆمارکردووە، لەگەڵ گرووپی موزیکی ئێزگەو تەلەفزیۆنی بەغدا بەرهەمەکانیان تۆمارکردووە، ژەنیارەکان زۆربەیان لە نەتەوەی عەرەب بوون و پێشەکی موزیکەکان لەلایەن هونەرمەندە عەرەبەکانەوە ئامادەدەکرا. (هیدایەت، ٢٠١٩)

هونەرمەندانی شاری هەولێر تەنیا بەوە نەوەستاون، کە بەشداری چالاکی هونەری ئاهەنگ و گۆرانی و مۆسیقایان کردبێت، بەڵکو بەشێك لەو هونەرمەندانە بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان لە گۆرانی و هۆنراوە سروود و بەستەی فولکلۆرییدا چاپکردووە، وەك : هونەرمەند ( ڕەسول گەردی ) کە ئەم بەرهەمە هونەرییانەی خۆی چاپکردووە: کوڵە مێلاقەی کوردستان ( 1960 )، شیلان و شلێر ( 1964) هەروەها هونەرمەند ( تایەر تۆفیق )یش ئەم بەرهەمە هونەرییانەی خۆی چاپکردووە: گۆرانی و هەڵپەرکێ (1967)، گۆرانی و ژیان ( 1973) هونەرمەند (فوئاد ئەحمد)یش لە ساڵی (1970)دا ، بەرهەمێکی هونەری خۆی بەنای (سروود و گۆرانی) چاپکردووە. (نەجار، 2016)

وێڕای بەشداری ئاهەنگ و بۆنە گشتیەکانی شاری هەولێر، هونەرمەندانی ئەو شارە بەشداری زۆربەی ئاهەنگە تایبەتی و خێزانییەکانی شارەکەشییان کردووە، کە ئەوەش بەشێك بووە لەو سیما هونەرییەی کە شاری هەولێر پێی ناسرابوو، بەشی زۆری ئەم ئاهەنگانەش تا ئێستا بە تۆمارکراوی پارێزراوە. لەو کاتانەدا تۆمارگاکانی شاری هەولێر بە تایبەت ( تۆمارگای عبدواللەتیف چەقماقچی) بەشی زۆری ئەو ئاهەنگانەی لەسەر بەکرە و دواتریش لەسەر کاسێتی بچووك تۆماردەکرد، ئەمە لە کاتێکدا زۆر هونەرمەندی تری ئەو شارەی وەکو: حەیدەر بەقال و مشکۆ و محەمەد ئەحمەد ئەربیلی، جێی پەنجەیان لە خزمەتکردنی ئاواز و مۆسیقای کوردی لە شارەکەدا دیار بووە. هونەرمەند ( شەوکەت سەعید دێرەیی – مشکۆ) ، نموونەی هونەرمەندانی شاری هەولێرە لە بواری مەقامات و قۆریاتدا، یەکێك لە بەرهەمەکانی گۆرانی (لە پاش مەرگم )ە، کە لە شیعری ئەمین ئاغای ئەختەر ( 1836 – 1886)ی شاعیرە، کە بووتە شاکارێکی هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

لە تەك ئەم هونەرمەندانەدا ، گۆرانیبێژانی میللی شاری هەولێریش لەم ماوەیەدا ڕۆلی کاریگەرییان لە پاراستن و خزمەتکردنی ئاواز و گۆرانی و مۆسیقای میللی کوردییدا گێراوە، بە تایبەت لە بواری لاوك و حەیران و بەستەی فۆلکلۆریدا. لەم هونەرمەندانەش وەك: حەمەد بەگ ( 1912 – 1976)، خدر خەرابەدراوی، عومەر شێخ شەروان ، خدر حەیران ، حوسێنی عەلیاغای ( 1919- 1976)، عوسمان حەیران ( 1917 – 1968 )، حەسەن حەیران ( 1937 – 1984 )، عوسمان هەمەوەندی ، سمایل گردەسۆری، سەعید باداوەیی ، حوسێن کێشەکەیی (1918 – 2003 )، حەسەن لاوك (1921 – 1980 )، محەمەد گۆران، لە بواری مۆسیقای میللیشدا، ئەم هونەرمەندانە ڕۆلیان هەبووە کانەیی زوڕناژەن، سەیدە کوڕە، سەید کەریم، مەلا عەبدوڵڵای دەفژەن، سەید ئیبراهیمی دەفژەن، دەروێش سولێمان، یونس قەساب.

خاڵێکی دیکە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، کاریگەری هونەمەندانی دەرەوەی هەولێر بووە، لە سەر باری هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە شاری هەولێردا، ئەم هونەرمەندانەش یان لە ڕێگەی ڕادیۆکانی وەك (بەغدا و کرماشان و دەنگی کوردستان) وەك پێشتر ئاماژەمان پێیاندا – یان لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانی وەك (بەغدا و کەرکوك و مووسڵ) دەنگیان دەگەیشتە شاری هەولێر، یان لە ڕێگەی ئاهەنگ و چالاکییە هونەرییە ڕاستەوخۆکانیان کە لە شاری هەولێردا ئەنجامیاندەدا، یان لە ڕێگەی کاسێتەکانیان کە لە ڕێگەی هونەرمەندان و تۆمارگاکاندا دەگەیشتنە شارەکە و کاریگەرییان دروست کردبوو. لەم هونەرمەندانەش وەك: سێوە (1891 – 1964)، عەلی مەردان (1904 – 1981)، حەسەن زیرەك (1921 – 1972)، محەمەدی ماملێ (1925 – 1999)، مریەم خان (1904 – 1947) / شەماڵ سائیب (1931 – 1986)، کەریم کابان، عارف جەزراوی (1912 – 1986)، حەسەن جەزراوی، نەسرین شێروان (1922 – 1990)، گوڵبەهار، ئایشەشان (1938 – 1997) محەمەد قەدری، عیسا بەرواری ( 1933 – 2002 ).

ئزگەی کوردی کە بەشێک بوو لە ڕادیۆی بەغدا، بە درێژایی ساڵانی شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕۆڵێکی گرنگی لە تۆمارکردنی دەنگی هونەرمەندانی ئاواز و گۆرانی تورکمانی لە شاری هەولێردا گێراوە، ساڵی (1959) هونەرمەندان: حاجی فایەق بازرگان، محەمەد ئەحمەد ئەربیلی، یونس خەتات، نورەددین عەسافلی، قۆریات و مەقاماتییان لە ڕادیۆکەدا تۆمارکردووە. پاشان لە شەستەکان و هەفتاکانیشدا ئەم هونەرمەندانەش گۆرانییان لە ڕادیۆکەدا تۆمارکردووە، محەمەد عاشق (1961) جاسم لەتیف عەبدوڵڵا (1963) جەبار ئەربیلی (1967)، یونس مەحمود چەلەبی (1969).

لەگەڵ دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کەرکوك لە ساڵی (1967)دا، ماوەی تایبەت بۆ پەخشی بەرنامەکان بەزمانی تورکمانی دانراوە، کە ئەم پەخشە گەیشتۆتە شاری هەولێر، ئەویش کاریگەری لەسەر هونەری لە شارەکەدا هەبووە. (نەجار، 2016)

لێرەداجێگەی ئاماژە پێکردنە مامۆستا جەمال هیدایەت دەربارەی پەیوەندی و کارکردن لە نێوان هونەرمەندانی کورد و تورکمان یاخود موزیکی کوردی و موزیکی تورکمانی ووتی: "ئێمە ڕکابەریمان لەگەڵ هونەرمەندانی تورکمانی هەولێر هەبوو، ئەوان لە ڕێگەی ئەگلەنجە و دانیشتنی شەوان بە پاڵپشتی هونەرمەندانی کەرکوک کلتووری خۆیان بڵاو دەکردەوە، ئێمەش لە ڕێگەی شانۆ بە خۆبەخشانە و بەبێ بەرامبەر کارمان دەکرد بۆ خزمەتکردنی میللەتەکەمان، دواتر ئەوان وردە وردە کەمبوونەوە، بەڵام ئێمە توانیمان زیاتر گەشە بە هونەرەکەمان بدەین". (هیدایەت، ٢٠١٩).

هەر لەسەر هەمان بابەت مامۆستا شێرزاد سەرسپی ووتی: پەیوەندی نێوان هونەرمەندانی کورد و تورکمانی شاری هەولێر لەڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ئەو پێکەوە ژیانەی کە لەنێوان تاکەکانی شارەکەدا هەبوو، لەسەر بنەمای تەبایی و ڕێزگرتن و پێکەوە کارکردن، هەموو بەیەکەوە کاری هونەریان لە سەر شانۆکان نمایش دەکرد، لەهەمان کاتدا ڕەنگە شەوانە لە ئەگلەنجەکانیش هەر بەیەکەوە گۆرانیان دەووت و موزیکیان دەژەند، بۆ نموونە هونەرمەند (حەیدەرە کەچەڵ) لە سەر شانۆ زۆر جار لەگەڵ ئێمە بەشداری کردووە. بەڵام ئەوەی لێکیانی جیا دەکردەوە بریتیبوو لە ململانێی فیکر، لە رووی بیر و بۆچوونی سیاسی ناکۆکیمان هەبوو لەگەڵیاندا، ئێمە شۆڕشی کوردمان بە خەباتێکی ڕەوا دەزانی و ئیلهاممان لێ وەدەگرت بەڵام ئەوان بۆچوونی تریان لە مەسەلەی نەتەوایەتییدا هەبوو. (سەرسپی، ٢٠١٩)

هەر لەسەر بابەتی ململانێدا د. صالَح برێخت ووتی: لەو کاتانەی کە ئاهەنگەکان نمایش دەکران لە ساڵانی شەستەکان، بێگومان زیاترینی ئەو ئاهەنگانە لە هۆڵی گەل ئەنجامدەدران، هۆڵەکە پڕ دەبوو لە خەڵک، ئەو خەڵکەش بریتیبوون لە خەڵکی کورد و تورکمان. بیرمە جارێکیان هونەرمەند (حەیدەرە کەچەڵ) لە سەر شانۆ بابەتێکی گۆرانی تورکمانی پێشکەش کرد، ئەمە بووە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە ڕکابەری لەنێو خودی جەماوەردا، بە شێوازی فیکەو هاوار جۆرێک لە ڕەتکردنەوە لەلایەن کوردەکان و پێشوازی لەلایەن توکمانەکان یاخود ئەوانەی خولیای گۆرانی تورکمانی بوون دروست بوو، بەڵام خۆشبەختانە نەبووە هۆی پشێوی زیاتر. (برێخت، ٢٠١٩)

لەسەر ئەم چەند ڕا جیاوازەی مامۆستایان، توێژەران وای بۆدەچن هۆکاری ئەم ڕا جیاوازانە ئەمەیە، یەکەم: جیاوازی نێوان بیروڕا سیاسیەکان لە هونەرەکانیان ڕەنگی داوەتەوە، بە مانایەکی تر لای هەندێک هونەرمەندان بە ڕکابەری هونەری لە قەلەم دراوە، کەچی لە بنەڕەتدا ڕکابەرییەکی هزی سیاسی بووە. دووەم: سەرەڕای جیاوازی هزری سیاسی ئەم هونەرمەندانە، بە مەبەستی پەیداکردنی بژێوی ژیان و بەرژەوەندی ماددی، شەوانە لە ئەگلەنجەکان لەگەڵ یەکتر ئاهەنگیان سازداوە. بەڵام لە کۆنسێرتی تیپە موزیکییەکان کاریان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد مەگەر بە دەگمەن، وەکو مامۆستا سەرسپی کە باسی (حەیدەرە کەچەڵ) دەکات.

**٢.٤ شێواز و ئادای موزیکی بەگشتی لەنێوان دیاردە و فاکتەر و پێداویستییەکانی هونەریدا:**

لەنێو موزیکی سەردەمیانەی میللەتاندا، ئەگەر لە گۆشەنیگای مێژووییەوە سەیری چۆنێتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنییدا بکەین، دەبینین لەهەر وولاتێک یان هەرێمێک یاخود شارێکدا سێ خاڵ یان بابەت بەدیدەکرێت، ئەم سێ بابەتەش یەکێکیان بریتییە لە 'دیاردە'، جا کۆمەڵایەتی بێت یان سیاسی یان ئابووری یان هەر دیاردەیەکی تری ئەو هەرێمەی کە تیایدا روودەدات. خاڵی دووەم برتییە لە 'هۆکار'، جا راستەوخۆبێت یان نا راستەوخۆ. خاڵی سێیەمیش بریتییە لە 'پێویستی' (الحاجة ام الاختراع). ئەم بابەتە دەبنە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ سەرهەڵدان و پێشکەوتن داهێنان کە لەم شارەدا دێتە بەرهەم. چونکە گومانی تێدا نییە ئەم بابەتانە کار لە هزر و بیری هونەرمەندان دەکات و گۆڕانکاری لە شیوازی برکردنەوە و ستایلی ژیانیان دەکات. بۆ نمونە ئەگەر سەیری مێژووی ئەوروپا بکەین لە سەدەی هەژدەهەمدا، دەبینین دیاردە سیاسییەکانی ئەو کات بەتایبەتی شۆرشی فەرەنسی چ کاریگەرییەکی هەبوو بەسەر ستایلی موزیکەکانی بێتهۆڤن (١٧٧٠-١٨٢٧)، هەروەها کۆچی بێتهۆڤن بۆ شاری ڤیەننا پایەتەختی موزیکی سەردەمی کلاسیک و تێکەڵاوی لەگەڵ گەورە موزیسیانانی ئەو شارە هۆکارێکی راستەوخۆی ئەو  گۆڕانکاریانەبوون کە لە موزیکەکانی ئەو هونەرمەندە رویاندا. خاڵی سێیەم بریتی بوو لە پێداوستی خودی خەڵک خودی جەماوەر بۆ گۆڕانکاری، نەک تەنها لە موزیک، بەڵکو لە تەواوی سیستەمی حوکمڕانی و دەستەڵاتدارێتی ئەو کات، کە بیریتی بوو لە دەستەڵاتی پادشاگەری. بۆیە رەوتە نوێکەی موزیکەکانی بێتهۆڤن پێشوازییەکی مەزنی لای جەماوەر بەدەست هێنا و بوو بە شای کارەکانی ئەو سەردەم و تەواوی مرۆڤایەتی شانازیان پێوە دەکات. (یاسین، ٢٠٠٢)

لێرەدا گرینگە ئاماژە بەچند دیاردەیەکی هونەری بدەین کە گرێدراون بە سەردەمی بەر لە شەستەکان چونکە کاریگەریەکانیان دوای چەند ساڵێک دەرەکەون، لەوانە دەرکەوتنی گروپی موزیکی تەختی رۆژهەڵاتی کە بینەر بەهۆی فیلمە عەرەبییەکان لە سینەمادا دەیان بینی. جگە لەمەش دامەزراندنی ئەم جۆرە تیپە لە ئێزگەی بەغدا کە دەنگ و سەدای ئەم شێوازە بە گوێچکەی خەڵک ئاشنا بووبوو. لە لایەکی تریش دیاردەیەکی هونەری تر هەبوو ئەویش بریتیبوو لە ئاوازدانان بۆ گۆرانی سەردەمیانە و تا ڕادەیەک دوورکەوتنەوە لە کەلەپوور، کە لەلایەن جەماوەریشەوە پێشوازی باشی لێدەکرا. زۆربەی ئاوازدانەرانی ئەو کات هەر خودی گۆرانیبێژەکان بوون ئاوازیان بۆخۆیان دادەنا، وەکو فؤاد احمد و تەحسین طه و یحیا مەرجان و عبدالله دلسۆز. (سەراج، ٢٠١٩)

گەر بەگشتی سەیری کۆمەڵگەی عیراقی دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بکەین، کە تازە سیستەمی حوکمڕانی لە پادشایەتییەوە بۆ کۆماری گۆڕابوو. خەڵک ئومێدێکیان بۆ دروست بووبوو بۆ گۆڕان لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، بژێو، رۆشنبیری، پەروەردە ...هتد. جا دواتر ئەم شتانە تا چ ڕادەیەک بەدیهات، ئەمە باسێکی ترە. بەڵام ئێمە لێرەدا دەمانەوێت تەکەس لەسەر شێوازی موزیکی تایبەت بەو سەردەم بکەین.

لەو گۆشە نیگایەوە ئاماژە بە قسەیەکی مامۆسیا جەمال هیدایەت کە دەڵێت: "کۆمەڵە هونەرمەندێکی گەنج هەوڵیان دەدا ئاوازی نوێ دابنێن لەوانە (یحیا مەرجان، واحید مەرجان، عبدللە دڵسۆز، جەرجیس عزالدین و چەندانی تر)، شیوازی ئاوازەکانیان تێکەڵێک بوو لە نێوان هونەری کوردی و عەرەبیدا". (هیدایەت، ٢٠١٩)

دەربارەی جیاوازی نێوان ئۆرکێسترای رۆژئاوایی و تەختی رۆژهەڵاتی، لە موزیکی رۆژئاواییدا ئەنجامدانی موزیکێک بە ئۆرکێسترایێکی گەورە بۆ مەبەستی موزیکێکی هارمۆنی و چینە دەنگی جیاواز دروستدەکرێت. بەڵام لە ئۆرکێسترایەکی تەختی رۆژهەڵاتی مەبەستەکە ئەمە نییە، بەڵکو زیاتر لەخزمەتی چڕینی هونەری و جوانی و ئێستێتیکی نمایشکاری دایە. هەروەها رەخساندنی تیمبری دەنگی واتە رەنگی دەنگی جیاواز. جگە لەمانەش بۆ مەبەستی بەهێزکردنی ریتم و پاڵەپەستۆی دەنگی و پڕکردنەوەی نێوانە دەنگییەکان کە پێی دەوترێت لەزمە. لەلایەکی تریش بەکارهێنانی سۆڵۆ و وەلامدانەوەی بە ئۆرکێسترا. هەندێ جاریش هەوڵدراوە تەکنیکی هارمۆنی سەرەتایی بەکاربهێندرێت. (ئازید، ٢٠١٦. ل ٤٩٠)

دیارە لە باشوری کوردستان لە کۆتایی شەستەکان و دەستپێکی حەفتاکانەوە هەوڵدراوە بۆ دروستکردنی ئۆرکێسترایەکی تەختی شەرقی، لە سەرەتا لە سلێمانی دواتر لە کۆیە و هەولێر و دهۆک دروستکران. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

پەیوەست بە فاکتەر یاخود هۆکاری راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون کە وەک چالاکوانێکی هونەری ئەو سەردەم دێنە هەژمارکردن پێیان وایە لاسایی کردنەوە و ڕکابەری فاکتەری ڕاستەوخۆ بوون لە دروستبوونی تیپی موزیک لە هەولێر. لەم بارەیەوە مامۆستا جەمال هیدایەت دەڵێت: "لە راستی دا ئێمە لە هەندێک ڕووەوە لاسایی تیپەکەی سلێمانیمان دەکردەوە، هەندێک جاریش هەوڵمان دەدا رکابەریان بکەین، بەڵام قورس بوو، چونکە ئەوان ئەزموونیان لە ئێمە زیاتر بوو".( هیدایەت، ٢٠١٩)

لە لایەکیتر دەنگ و سەدای شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ گۆڕوتینی زیاتری بە بەهرەمەندانی گەنجی ئەو شارە دەبەخشی بۆ ئەوەی بیر و هیزری نەتەوایەتی تێکەڵ بە هونەرەکەیان بکەن. هەروەها موزیک بکەن بە ڕێگەیەک بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک بۆ مافە ڕەواکانی، ئەمەش لە ڕێگەی رادیۆی دەنگی کوردستانی عیراقەوە ئاشنای دەبووین. (سەسپی، ٢٠١٩)

هەر لە روانگەی بیری نەتەوایەتییەوە جەمال هیدایەت ووتی: "لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکی ئێمە بەدەرخستنی هونەری کوردی و خزمەتکردنی نەتەوەکەمان بوو، ئێمە ئەوکات بزاڤێکی نەتەوەیی بوین بۆ پەرەپێدانی کلتوور و هونەر و رۆشنبیری ئەو شارە، لە ڕێگەی موزیک و گۆرانی کوردییدا". (هیدایەت، ٢٠١٩)

پێویستی خەڵک بۆ ئەو مۆدێلەی کە پەیتاپەیتا خەریکبوو بە ناوچەکەدا بڵاودەبۆوە، ئەویش بریتیی بوو لە مۆدێلی ئاهەنگی سەرشانۆ [کۆنسێرت]. خەڵک چێژێکی زۆری لێوەردەگرت. جەمال هیدایەت لەم بارەیەوە ووتی: دوای ئەوەی چەند ئاهەنگێکمان سازکرد و پێشوازیەکی گەرممان لێکرا، ئیتر خەڵک داوای ئێمەیان دەکرد بۆ سازدانی ئاهەنگ بۆیان لە بۆنەکاندا، زۆرجار لەسەر داوای خەڵک پرۆگرامی ئاهەنگمان ئامادەدەکرد، لە راستیدا خەڵک حەزیان دەکرد هونەرمەندی کورد لە نزیکەوە ببینن و چێژی لێوەربگرن، نەوەک تەنها لە ئێزگە گوێبیستی ببن. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

**٢.٥ فۆرمی موزیکی و لێکەوتەکانی لەسەر تایبەتمەندی هونەری موزیک لە هەولێردا:**

فۆڕم و پێکهاتەی موزیکی میللی و فۆلکلۆری کوردی لە رووی زانستیانەوە، پێشووتر زۆرێک شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ کراوە و پسپۆڕانی ئەم بوارە زۆرینەیان گەیشتوونەتە ئەم ڕاستییەی کەوا موزیکی کوردی لە رووی فۆڕمەوە لەسەر بنچینەی مۆنۆتێماتیکی (یەک تێمی) بنیاد نراوە. (ئازید، ٢٠١٤) هەروەها لەرووی پێکهاتەی ریتم و تۆنالیتییەوە (مەقام) سادەیە. بەلام لە رووی ئەداکردنەوە ئەوەندە دەوڵەمەندە بە جۆرێک توانیوێتی مۆرکێکی جیاواز لە نێو موزیکی رۆژهەڵاتییدا بەرجەستە بکات شانبەشانی موزیکی میللەتانی تری ناوچەکە، سەرەڕای ئەوەی کە دووچاری ئەم هەموو هێرش و پەلامار و بە تاڵانبردنەی کە لەلایەن میللەتانی دەوربەر بوونەتەوە.

لێرەدا ئەگەر بێینەسەر بەراوردکردنی بەرهەمی شەستەکان کە لەلایەن هونەرمەندانەوە پێشکەشکراون بەتایبەتی ئاوازەکانی سەردەم بەناوی نوێگەرایی پێشکەش دەکران. لەرووی فۆڕمەوە زیاتر بەشێوازی دووانی A,B کە پێایندەووت (کۆبلی[کۆپلێ] ومذهب)یاخود فۆڕمی تێکەڵ A,B,C (موال ومذهب وکۆبلی) بێگومان ئەم شێوازە لە موزیکی سەردەمیانەی عەرەبییەوە نزیکە. ئەمجارەیان ئەگەر بێینە سەر پێکهاتەی ریتم دەبینین بەدەگمەن ریتمێکی کوردی وەکو دەهۆڵی و شایی و گەریان و ئایشۆکێ ...تاد بەکار هاتبێت، بەڵکو ریتمی عەرەبی و جیهانی وەکو ریتمی بلدی بۆ نمونە (گۆرانی ئەی کچە کورد- جەرجیس عزالدین، مقسوم بۆ نمونە (گۆرانی بوکی تازە- فؤاد احمد) ، ریتمی ایوب بۆ نمونە (گۆرانی پەری یا ئینسانی- عبدللە دڵسۆز . لە ریتمی بیانیش وەکو فۆکس، ڤالس، تانگۆ ...تاد ئەمانەش بەتایبەتی لە ئۆپەرێتەکاندا بەکاردەهات.

هەروەها لە رووی تۆنالیتییەوە (مەقام) تێبینی ئەوە دەکرێت کە زیاتر لە مەقامێک لەناو یەک بەرهەمدا بەکارهاتووە بە شێوازی گۆڕانکاری مەقامی (تحويلات مقامية). ئەم گۆڕانکاریانەش بە سادەترین شیوە ئەنجامدراوە بۆ نمونە (بەیات لا بۆ سەبا لا لە گۆرانی ڤینۆس- ئاواز و ووتنی عبدللە دڵسۆز)، (راست دۆ بۆ نەهاوەند سۆڵ لە گۆرانی بروات پێناکەم- لە ئاواز و ووتنی یحی مەرجان)، (کورد می بۆ راست لا لە گۆرانی حەزئەکەم لە مۆسیقا- ئاواز و ووتنی مامۆستا خیرللە محمد). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەپێی توانست و ئاستێکی دیاریکراو ئاوازەکانیان دادەنا.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، لە دەیەی شەستەکان هونەرمەندان هەوڵیان داوە لەڕێگەی لاساییکردنەوەدا لە چوارچێوەی کەلەپوورەوە دەربچن و، شێوازێزێکی نوێ بۆ جەماوەر و گوێگرانی شارەکە دابهێنن. بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بکەن لە بڕی گۆرانی عەرەبی و تورکی و فارسی و هیتر، گوێ لە گۆرانی هونەرمەندانی کورد بگرن.

**٢.٦ ئەنجامی توێژینەوە:**

لەدوای لێکدانەوەیەکی ورد بۆ گشت لایەنەکانی توێژینەوەکە و بە لەبەرچاوگرتنی دیاردە و پرسیاری توێژینەوەکە و بەپێی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- گۆرانکاری لە نمایشکردندا، بۆ نمونە نمایشەکان لەسەر شانۆکان بە شێوازی کۆنسێرت ئەنجام دەدران و دانیشتنی گروپەکان بەپێی شێوازی تەختی رۆژهەڵاتی و ریزبەندی ئامێرەکانیان بوو.

٢- گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی موزیک، بۆ نمونە هێنانی ئامێری تازەبابەت وەکو: قانون، ئۆکۆردیۆن، جومبوش، ڤینگۆز، بۆناو تیپ.

٣- گۆڕانکاری لە ئامادەکردنی بەرهەمەکان، بۆ نمونە دانانی ئاوازی نوێ و گۆڕانکاری لە پێشەکی موزیکیدا.

٤- دروستبوونی یەکەم گروپ یاخود تیپی موزیکی لە مێژووی شارەکەدا.

٥- تێکەڵکردنی بیر و هزری نەتەوایەتی بە هونەری موزیک و کاری خۆبەخشانە لە پێناو خزمەتکردنی میللەت.

٦- دەرهێنانی موزیکی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە چنگی کاریگەرییەکانی موزیکی عەرەبی وەکو ستایلێکی زاڵی ئەو سەردەمە بەسەر دەنگ و یاواز میلۆدی و پێکهاتەی تیپی موزیکی بەوەی کە ژەنیاری ئەکادیمی بەدیارکەوتن و هەروەها تیپی موزیکی هونەریش دامەزران.

٧- سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هونەری تیپی موزیکی شارەکانی تری کوردستان.

٨- فێربوون و بەکارهێنانی نۆتە و نوسینەوەی بەرهەمەکان بە زمانی موزیکی.

٩- ئامادەبوونی توخمی ئافرەت لە کۆنسێرتەکاندا، گەرچی ڕێژەکە کەم بوو.

١٠- موزیکی وێناکاری لە شانۆگەرییەکاندا بە شێوەی زیندووی تاکژەنی بەدیدەکرا.

١١- نمایشکردنی یەکەم ئۆپەرێت لە کۆتایی ئەم دەیە (شەستەکان).

١٢- ڕۆڵی مەزنی چالاکی قوتابخانەکان لە پەرەسەندنی ڕەوتی موزیکی لە هەولێر لەم لایەنانەی خوارەوە بوو:

أ- هاوکاری تەواوی گروپە موزیکییەکانی ئەوکات بە دابینکردنی شوێنی ڕاهێنانکردن لە چەند قوناغێکدا.

ب- دۆزینەوەی لاوی بەهرەمەند لە نێو قوتابخانەکان بۆ نێو گۆڕەپانی هونەری.

ت- سازدانی چەندین ئاهەنگ و نمایشکردنی ئۆپەرێت لە قوتابخانەکان و یاریگای هەولێر و هۆڵی گەل، لە لایەن مامۆستایانی چالاکی قوتابخانەکاندا.

ث- زووندووکردنەوەی سروود و گۆرانی نیشتیمان پەروەری لە نێو قوتابخانەکاندا.

**٢.٧ ڕاسپاردە:**

توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە بە پێویستی دەزانن ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بکەن:

١- کۆکردنەوە و پاراستنی ئەرشیفی هونەریی گۆرانی وموزیک و بەرهەمی تۆمارکراوی سەردەمانی ڕابردوو، بە شێوەی دەنگ و ڕەنگ.

٢- بۆ زیندوو هێشتنەوەی ئەم بەرهەمانە دەکرێت لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یوتووب بە بەردەوام بڵاو بکرێنەوە، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستای پێ ئاشنا بکرێت و ئەو هونەرە ڕەسەنە لە گوێچکەیان بچەسپێت.

٣- دەکرێت بیرۆکەی ئەم ئاوازانە لە لایەن کۆمپۆزەرانەوە دووبارە بە بەرگێکی نوێ لە شاکاری ئۆرکێسترایی‌دا بەبەرهەم بهێندرێنەوە.

**٢.٨ پێشنیار:**

بۆ توێژەرانی داهاتووی ئەم بوارە دەکرێت لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە لێکۆڵینەوەی زانستی بکرێت:

١- توێژینەوەیەکی مەیدنی بەراوردکاری لە نێوان موزیکی لادێی سەدەمی شەستەکان و سەردەمی ئێستا لە شاری هەولێر.

٢- ڕۆلی چڕین و گۆرانی و موزیکی ئەبستڕاکت بە تایبەت لە بۆنە نشتیمانی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەو دەڤەرانەی شاری هەولێر کە پاشخان و دەوڵەمەندیی کەلەپووری و کەلتووری هونەرییان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دیار و ئاشکران.

**٢.٩ سەرچاوەکان**


یەکەم: کتێبەکان

بە زمانی کوردی

ئازید، ج. (٢٠١٦). *تیۆری موزیک*. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

حاجی، م. (٢٠٠٩). *ئۆربیللیۆم و ئەربەئیلۆ*. چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.

نوری، ف. (٢٠١٣). *فۆرمەکانی موزیک*. بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

نەجار، ە. (٢٠١٦). *بزاڤی ڕۆشمبیری لە شاری هەولێر*. هەلێر.

یاسین، ب. (٢٠٠٢). *سەردەمی کلاسیک لە مێژوودا*. چاپخانەی ئاڤێستا، ئیستامبوڵ، تورکیا، ٢٠٠٢.

بە زمانی عەرەبی

تاراغو، ج. (٢٠٠٨) *تاريخ الموسيقى فى الجزيره العربيه والاندلس*. هيئة ابوظبى للثقافة والتراث.

دالين،ڤ. (١٩٩٧). *مناهج البحث فى التربية وعلم النفس*. مكتبةالانجلو المصرية، ١٦٥ ش محمد فريد- القاهرة.

**دووەم: دیدارەکان**

دیدار لەگەڵ دکتۆر صالح محمد عمر ناسراو بە دکتۆر صالح برێخت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٧ کات ٢٠:١١ لە بینای کۆلێژی هونەرە جوانەکان- هەولێر. لەدایکبووی هەولێر ١٩٥٦ لە گوندی سێوەکەی بەستۆڕە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ بەرهەمێکی گۆرانی لەگەڵ تیپی هونەرە هەولێر تۆمارکردووە. بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووە، ماستەر و دکتۆرای لە شانۆ لە وڵاتی نەمسا بەدەستهێناوە، ئێستا مامۆستای کۆلێژی هونەرە جوانەکانە لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

دیدار لەگەڵ فؤاد محمد حسین ناسراو بە فؤاد سەراج لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١١ کات ٥:٠٠ی ئێوارە لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی ٣٢ی پارک لە شاری هەولێر. لە دایکبووی هەولێر ١٩٤٧ لەگەڵ لە ناوەڕاستی شەستەکان لەوەکو گۆرانیبێژ لەگەڵ تیپی دەرسیم دەستی بەکاری هونەری کردووە. لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر کاری هونەری ئەنجامداوە، لە هەشتاکان لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکان بەردەوام بووە لەکاری هونەری.

دیدار لەگەڵ مامۆستا شێرزاد محـمد ناسراو بە شێرزاد سەرسپی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٨ کات ٦:٤٠ی ئێوارە لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی کوردستان-هەولێر. لە دایکبووی هەولێر ١٩٤٨ موزیکژەن، سەرەتای دەسپێکی هونەری لە ١٩٦٧ لەگەڵ تیپی سەندیکای مامۆستایان بووە، دواتر رابەرایەتی چەندین تیپی موزیکی کردووە لەوانە تیپی مۆسیقای یەکێتی لاوان، تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، تیپی هونەرە میللییەکان، گروپی موزیکی ڕەسەن. دەستەی دامەزرێنەری چەندین دەزگا و گروپ و تیپ و بەڕێوەبەرایەتی بووە بە نمونە ئۆرکێسترای کوردستان. خاوەنی چەندین ئاواز و موزیک بۆ تابلۆی هەڵپەڕکێ و پێشەکی موزیکی گۆران و موزیکی شانۆییە. کاری ئێستای سەرۆکی گروپی موزیکی ڕەسەنە.

دیدار لەگەڵ مامۆستا جمال هیدایەت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٨ کات ٣٠:٣ لە کۆتری سەلام. لە داکبووی هەولێر(١٩٣٦). لە ساڵی ١٩٥٥ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٥٧ لە خانەی مامۆستایان بوو بە مامۆستای موزیک. هەر لە هەمان ساڵ هەوڵی داوە بۆ یەکەم جار تیپێکی موزیکی دابمەزرێنێت کە دواتر بە تیپی دەرسیم باوبانگی دەرکرد. دامەزرێنەر و سەرۆکی تیپی هونەری هەولێر بووە. بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر بووە، هەروەها سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە. ئەوەی شایانی باسە بۆ چەند ساڵێک سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی ئۆرکێسرای کوردستان- هەولێر بووە.

**سێیەم: گۆڤارەکان**

باکوری، ا. (٢٠٠٠). ڕامان، ژمارە ٤٥، هەولێر.

خدر، ج. (٢٠٠٨). چلاواز، ژمارە ٢١. دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، هەولێر.

**چوارەم:ماڵپەرەکان**

https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar) /أسلوب-الموسيقى/?c=اللغة%20العربية%20المعاصرة (المعانى٢٠١٩/١١/١٠

**الاسلوب الموسيقى فى ستينات القرن الماضى فى مدينة اربيل**

**سرود فؤاد محـمد          سالار شكرى على**

قسم الموسيقى- كلية الفنون الجميلة/ جامعة صلاح الدين- اربيل

**ملخص**

دراسة تاريخية، يبحث عن اسلوب الموسيقى فى عصر معين لمدينة اربيل. ان نتائج هذه الدراسة يكشف عن ضهور اساليب او صيغ جديدة وانكماش ملحوظ للاساليب القيمة للمدينة المذكورة. ان الاساليب الموسيقية القديمة للمدينة يشمل سهرات ليلية فى المنازل والمناسبات الاجتماعية الشعبية البسيطة. اما الاساليب الجديدة فهى ايقامة الحفلات الموسيقية على خشبة المسارح من قبل الفرق الموسقية. كما وان البحث يفسر الضواهر واسباب نهوض تللك الاساليب الموسيقية فى مدينة اربيل.

**كلمات رئيسية:** اسلوب، الموسيقى، ستينيات، اربيل، الفرقة الموسيقية.

**Musical style in the sixties of the last century in the city of Erbil**

**Surwd Fouad mohammed          Salar shukri Ali**

Music Department- Fine Arts College/ Salahaddin University-Erbil
surwd.mohammed@su.edu.krd          salar.ali@su.edu.krd

**Abstract**

A historical study, looking for the style of music in a particular era of the city of Erbil. The results of this study reveal the appearance of new methods or formulas and a significant contraction of the valuable methods of the city. The old methods of the city include night nights at homes and simple popular social events. The new methods are the establishment of music concerts on stage by music bands. The research also explains the .phenomena and the reasons for the rise of these musical styles in the city of Erbil

**Keyword**: Style, Music, Sixties, Erbil, Musical Teams.